# بیرکردنەوە و ئازادیی

د.کەمال میراودەلی

بەشی دووەم

## فەلسەفە و زمان

فەلسەفە پرسیارە و بیرکردنەوەیە، فەلسەفە کاری ڕۆژانە و هەموو دەمیی هەموو کەسێکە لە منداڵەوە تا پیر. هەموو حەزمان لە زانینە: منداڵ زیاتر، گەنج چالاکانە تر ، پیر قووڵتر و هێواشتر.
هەمووومان بیر دەکەینەوە.
چ شتێ باشە بیکەم؟ چ دەزانم؟ چ شتێ باشە فێری بم؟ کام کارە ژیرانە و سوود بەخشە، کامە خراپ و مەترسیدار و زیان بەخشە؟ خوا، چاکە، هاوڕێیەتی، نیشتمانپەروەریی، سیاسەت، ئازادیی، چارەنووس، رەوشت.. ئەمانە چین؟ چۆن لێکیان دەدەینەوە؟
هەموو ئەمانە و سەدان پرسی دی، باس و بابەتێکن چەندین جار ڕۆژانە، حەفتانە، ئاخاوتنیان دەربارە دەکەین. لە قسە و گفتوگۆکانماندا چەندین زاراوەی هزریی و پەندی پێشینان و کۆزان بە کاردێنین.
بەڵام هەمووومان (بەئاگایی) یەوە ئەم (چالاکی) ئاخاوتنە ئەنجام نادەین. ئاگامان لە بیر کردنەوە یان بیرنەکردنەوەی خۆمان نییە.. گرنگیی بیر کردنەوە و لێکدانەوە نازانین، لە سەر چاوە و میکانیزمەکانی حاڵی نین.
ئەمەیە جیاوازی نێوان کەسی ئاسایی و فەیلەسوف، یان کەسی بێ ئاگا و بە ئاگا، کەسی هۆش داماڵراو و هۆشیار. فەیلەسوف ئاگای لە بیر کردنەوەی خۆیەتی. دەزانێ یان دەیەوێ بزانێ چۆن بیر دەکاتەوە. (چۆن) بیرکردنەوەکەی پەرەپێدەدا، پێشی دەخا، باشیی دەکا تا بیرکردنەوەی خۆی دەکاتە پێکار و میکانیزمی بە دەستهێنانی زانین. ئەم خولیایە لە ئاکامدا دەبێ بە هەوڵی گەیشتن بە (ڕاستیی) دەربارەی شتەکان، دەربارەی ژیان، دەربارەی جیهان و بوون و گەردوون.
بەڵام ڕاستیی چییە؟ ئەمەیە فەلسەفە، هیچ وەڵامێك ڕاستی دوایی نییە. هیچ زانینێك زانیاری دوایی نییە. هیچ بیرێک ڕەها و گشتگر و لە کات و هەل و دەراخن بەدەر نییە. پرسیارەکان داوای وەڵام دەکەن، وەڵامەکان پرس و پرسیاری دی دەوروژێنن.
مێشکی ئازاد چێژ و خۆشی لەم بوێرییە (تەحەددایە) وەردەگرێ. مێشکی ئازاد بە دوا وەڵام قنیات ناکات،لە ناو بۆتەی تاکە بیرێکدا نامەیێ، خوو بە بەردەوامی و دووبارە بوونەوەی بیرە نەزۆکەکان ناگرێ. مێشکی ئازاد فەزای داهێنان و دروستکردنی نوێیە، عەوداڵی نەدۆزراوەکان و نەوتراوەکانە، ڤووخێنەرێکی ڕادیکاڵە بۆ جیهانێکی هەمیشە جوانتر.

دیاره بیر کردنەوه بەبێ زمان نییه. بیرکردنەوه هۆشیارییه، هۆشیاریش زانگەی زمانه. ستراکتووری زمان و ستراکتووری هۆشیاریی یەك شتن، یەك پراوەن. بەڵام زۆر زوو بەو ستراکتۆرانه رادێین، دووبارەیان دەکەینەوه، ئاگامان لێیان دەبڕێ، لە شێوەی کارکردنیان لە سەرمان بێ خەبەر دەبین. بەڵام بیر کردنەوەی فەلسەفیی، بیر کردنەوەی هەمیشە پرس- یار، هەمیشە پرسخواز، بۆمان دەلوێنێ لەو ستراکتووره (نائاگا)یانەش ئاگادار بین، میکانیزمەکەیان هەڵبوەشێنینەوه، چۆنیەتی کارپێکردنیان لە لایەن ئێمه و کۆمەڵەوه هەڵبوەشێنینەوه، چۆنیەتی کارکردنیان لە سەر دید و بۆچوون و هەڵوێست و راستی رەفتارەکانمان شی بکەینەوه. راستیی ئەمەیە میتۆدی فەلسەفیی. بەڵام قورساییەکە لێرەدا کۆتایی نایه. لێرەوه دەست پێدەکات. ئەو میتۆده خۆی چییه؟ چۆنه؟ وتم: بیرِ کردنەوەی فەلسەفی بە بێ کەرەسه و پێکاری زمان نییه و نابێ. کە وایە میتۆدی فەلسەفی شێوەیەکە لە بەکارهێنانی زمان، یان راستتر دروستکردنی (زمانی تایبەت) ی بیر کردنەوەیە،زمانی تایبەتی میتۆدی فەلسەفیی. ئەمەیە گرفت و سەختی بابەتی فەلسەفیی بۆ خوێنەری ئاسایی.

سەرنج بدەن: هەر لەم پێشەکییە سەرەتاییەدا کە باسی بابەتی فەلسەفە دەکەم، هەر وەك مانا و واتای هەموو ئەو وشەو و زاراوانە بزانن کە بە کاریان دێنم. وشەگەلی وەك: زمان، بیر، هزر، هۆشیاریی، میتۆد، پرس، کات، دەراخن، هەل و مەرج، ئامراز، پێکار، کۆزان، راستیی، میکانیزم، ستراکتور، بەئاگایی، بێ ئاگایی، بابەت، کۆمەڵ، دەسەڵات، بوێریی، هتد... سەیرکەن: لەم دوو سێ پەرەگرافەی سەرەوەدا هەموو ئەو وشانەم بە کار هێناون. رەنگە لە بابەتێکی رۆژنامەنووسیی، وتارێکی سیاسیی، ئاخاوتنێکی ئەدەبی، ئەمە زۆر گرنگ و مەترسیدار نەبێ. بەڵام لە بواری فەلسەفەدا نا. لە بواری فەلسەفەدا پرسەکان لە ئاکامدا دەبنە پرسی (چیناسیی) یان ئۆنتۆلۆجی: پرس دەربارەی چییەتی شتەکان، ئەمەش سەختترین و بێ بنترین پرسە.

جا ئێستا کە ئەم گرفتەم خستە روو- و بمەوێ خۆمی لێ دەرباز کەم و روونکردنەوەی پتر بە ئێوەی خوێنەر بدەم: چۆن دەتوانم ئەمە بکەم؟ ئەمە وەک ئەوە نییە خواردن بۆ کەسێ لە رێستۆرانت بکڕی تا تێری بکەی. وەک ئەوە نییە دەستی نابیینایەك بگری تا لە جادە بیپەڕێنیتەوه، شتێکی شکاو یان خراپبوو بۆ کەسێك چاك بکەیتەوه. ئەمانە هەموو بە نیاز، بە دەست، بە کردەوه دەکرێن و ئەنجامەکان ئاشکران. بەڵام ڕوونکردنەوه و لێکدانەوەی بابەتێک تەنیا بە (زمان) بە بەکارهێنانی وشە دەکرێ. جا ئێستا گەر بمەوێ ئەو کۆمەڵە وشە و زاراوانەی لە سەرەوه ریزم کردن، زیاتر روون بکەمەوه، دەبێ وشە و زاراوه و ئاخاوتنی تر بەکاربێنم. باشە، چ گەرانتییەك و دڵنیاییەك هەیە کە خوێنەر لەو وشەزێدانەی تر کە بۆ روونکردنەوەی وشەگەلی پێشوو بە کاریان دێنم ، تێدەگات؟ یان هیچ زامنێك هەیە تاقە کەسێکیش هەبێ سەدی سەد، ئەو مانایەیان لێ بەدەست بێنێ کە من نیازمن و لە خوێنەریان دەخوازم؟ دەبێ وەڵامەکە لە ناو جوغزی گوماندا بەجێ بهێڵین. ئەو جوغزی گومانەیە کە فەلسەفە تێیدا بەردەوام خۆی هەڵدەوەشێنێتەوه و دروست دەکاتەوه: گومانی ئەوەی کە قەت

زمان بکاریَ کۆبەندێکی تەواو و بێ گومانی واتا و مەبەستی (فەلسەفی) دەرببڕێ؟ لە بواری فەلسەفەدا نەك تەنیا یەکڕایی بەڵکو هاوڕێکییش دەربارەی مانا و مەبەست و بەکارهێنانی وشەگەل و زاراوە، و کۆزانەکان، بۆ دەربڕین و نواندنی دنیای مانا و ئایدیاکان، کارێکی ئەستەمە. راستی فەیلەسوفە مەزنەکان ئەوانەن کە شیلگیرانە و کۆڵنەدەرانە و ئینسایکلۆپیدیایانە زۆرانبازی زمان بوون و کۆبەندی بیری خۆیان لێ بنیات ناوە. لە پرۆسەی ئەم خەباتەشدا گوێیان بەوە نەداوە کە کەسانێک لەو زمانەی ئەوان تێدەگەن یان نا. ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بووە زمان خۆی ببێتە کۆبەندێك، سیستمێکی بیریی و تیۆریی، کە خۆی شەرحی حاڵی خۆی بکا؟ کە دنیا و دەرەوە بۆ لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەو سیستمە بڕوانن و پەنا بەرن، کە پرسە سەرەکییەکان بە قووڵی و بە کۆگیریی داڕێژن. فەیلەسوف، حەزی زانین، خولیای دانایی و تێگەیشتنی، بە جادووی زمان دەردەبڕێ، دەنوێنێ، دەنەخشێنێ. چونکە مرۆڤیش (بۆ؟ چۆن؟ لە کوێوە؟ نازانین!) بوونەوەرێکی زماندار و زمانکار و زمانخواز و زمانیارە، ئەوا زمان زۆر کاری تێدەکات. کە باسی باوەڕ، ئایین، خۆشەویستیی، هیوا، کەسێتی...هتد دەکەین، ئەوە باسی ئەو کۆزان و هزرانە دەکەین کە (زمان) دایڕشتوون و کردوونیە ستراکتووری بیریی و ئەندێشەیی. زانا، زانا نییە گەر زمانزان نەبێ. دانا، دانا نییە گەر لە حیکمەتی زمان حاڵی نەبێ. ئەدیب، ئەدیب نییە گەر زمان نەگەیەنێتە ئاستی سیحر و نەبووبێ (موعجیزە).

(4)

سۆکرات هەژار بوو. بابی بەردکۆڵ بوو. دایکی مامان بوو. بۆیە سۆکرات بە بنەماڵە پشت ئەستوور نەبوو.. بەدارایی دەسەڵاتدار نەبوو.. بەپێوەندی گەورەپیاوان و دەسەڵاتداران پردی پەڕینەوەی نەدەبەزاند. ئەو خولیای زانینی هەبوو. ئەو بیری دەکردەوە. دەیپرسی وعەوداڵی وەڵامی پرسیارەکان بوو. گوێی لەوەڵامەکان دەگرت وخولیای هەڵڕشتنی پرسیاری نوێی هەبوو. پرسیارەکان (پرسی) تریان درووست دەکردن. وەڵامەکان (ئاخاوتن) یان دروست دەکرد. پرسیاری زیاتر، شۆڕبوونەوەی پتر بە جەمسەر و پێوەندیی و لك وگرێ و گۆڵەکانی زمان و دەربڕین و گەیاندن دا: میتۆدی دەخولقاند: میتۆدی بیر کردنەوە، میتۆدی پشکنینی زیاترو زیاتری زانیارییەکان، میتۆدی فەلسەفیی. ئەوسا بەم زمانە تۆکمەو پەروەردە-کراوو پێگەییوەی ئەو میتۆدەی ئاخاوتن، کەخۆی فێری ببوو، فێری کەسانی دیکەشی دەکردن. ئاخاوتنی کرد بە هونەر. هونەری ئاخاوتنی کردە میتۆدی بیرکردنەوەی فەلسەفیی.

جەنەڕاڵێکی ناسیاوی سۆکرات دەپەیڤێ: (هەر کەسێ لە سۆکرات نزیک بێ و لە گەڵیدا بکەوێتە قسە، ئەگەری ئەوەی هەیە بۆ ئاخاوتن رایبکێشێ. ئەو لاو، ئەم لاو، ئەم باس و ئەو باسی پێ دەکات، تا ناچاری دەکات وەسفی ژیانی ئێستا و رابردووشی بۆ سۆکرات بکات. کاتێ بەم جۆرە تووش بوو، سۆکراتر رێگەی نادا لە دەستی رزگاری ببێ هەتا بە تەواوی لە بێژنگی نەدات).[1] ئالسیبادس ئاخاوتنی سۆکرات بە مۆسیقای مارسیا Marsyas (خودای ڕووبار) دەچوێنێ: ( کە تەنیا ئەوەندە بەس بوو شمشاڵ بە لێوە بنێ هەتا مرۆڤایەتی بخاتە ژێر جادووی خۆیەوە).. جیاوازی نێوان سۆکرات و مارسیاس ئەوەیە کە سۆکرات دەتوانێ هەمان کاریگەریی بەبێ بەکارهێنانی شمشاڵ هەبێت، تەنیا بە چەند وشەیەکی سادە، بە شیعریش

نا. ئالسیبادس دەربارەی کاریگەریی سۆکرات لە سەر خۆی دەڵێ: (باسی خۆم بکەم، خەڵکینە، لەوە ناترسم بڵێم من بە تەواویی بۆتڵبەند بووم. سوێند دەخۆم قسەکانی ئەو کاریگەرییەکی نائاساییان لەسەر من هەبوو... لەو لەحزەوە کە گوێم لە ئاخاوتنەکانی دەبێ، بەر زەبری ڕقێکی پیرۆز دەکەووم. دڵم دەڕژێتە ناو دەممەوە، فرمێسك دەزێنە ناو چاومەوە. ئاه.. نەک تەنیا من، زۆر کەسانی دیکەش.. مارسیاس ئەم دواییە زۆر جار لە بارێکی هۆشمەندیی وادا جێی هێشتبووم، من زۆر بە ئاسایی هەستم دەکرد ناتوانم وەك چۆن ژیاوم هەر وا بژیم... وای لێکردم دان بەوەدا بنێم لە کاتێکدا بەندە زۆربەی ژیانم بە سیاسەتەوە خەریك کردووە، زۆر شتی دیکەم، کە لە ناخمدا داوای بەتەنگەوەهاتن و هەبوونیانم لێ دەکەن، فەرامۆش کردوون).

ئەو ئەلیسبادسە- ەی ئاوا باسی سۆکرات دەکا، کوڕێکی سەر بە چینی سیاسی ئەرستۆکرات بوو، جوان و لوسکە بوو. سۆکرات دزێوو بوو، ناشیرین بوو. بەڵام ئەلسیبادس کەوتبووە ژێر جادووی وشەوە، وشەی زانگەری فەلسەفیی، وشەی سادەی باڵا بوو بۆ ئاستی شیعر و، لە شیعر زیاتر راستی گەیەنەر و رێگا ڕوونکەرەوە. شەیدایی وشەی سۆکرات لای ئەلسیبادس بوو بە شەیدایی ئەو زمانە پاراوو بیرە بەرزەی وشە شیرینەکانی هەڵدەڕشتن: سۆکرات خۆی.. ئەو سەردەمەش وەك هەموو سەردەمێ، تازە لاوەکان حەزیان دەکرد فەیلەسووف و روناکبیرە مەزنەکان بناسن و خۆیان پێبناسێنن و تێکەڵیان بن. تێکەڵبوونەکە دەگەیشتە ئاستی فیزیکیش.. فەیلەسووف و بیرمەندە تەمەندارەکان، (جوانیی) کوڕە قۆزەکانیان بە سەرچاوەیەکی گرنگی سرۆش و هێزی ڕۆحیی خۆیان دادەنا و لە پاداشتی ئەوەدا دەیانکردن بە شاگردی خۆیان و لەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفیی و نرخناسیی ئیستاتیکی رایان دەهێنان. ئەلیسیبادس حەزی خۆی بۆ سۆکرات ئاشکرا کرد. بەڵام نە سۆکرات، نە ئەفلاتۆن، ئەو لەبەر لێکدانەوەی مۆرالی و ئەم لەبەر باوەڕی بە خۆشەویستی رۆحیی، نافیزیکی، توخنی کوڕبازیی نەکەوتن. بەڵام لە ناو دەستەی ئەرستۆکرات و کۆمەڵگای (نێرینە)ی ئەسینی بە گشتی، بابەتی لەش و لەزەت و باسکردنی هەموو ئەو بابەتانەی بۆ ژیان و خۆشەویستی و ئازار و ئەندێشەی مرۆڤ گەوهەریی و گرنگن، هەرگیز تابوو- و بڤە نەبوون. ئازادیی بە کارهێنانی زمان بۆ دەربڕینی هەموو ژان و ماناکانی ژیان بۆ کۆمەڵگەی یۆنانی لواند دنیایەکی سەیر و سەرسامکەر و دڵگیری وشهو ئەندێشە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات.

(5)

جا ئەگەر فەلسەفە، یان هەر نەبێ فەلسەفەی ڕۆژاوایی، بە مانا سیستماتیکییەکەی لای سۆکرات دەست پێ بکات، ئەوا فەلسەفەو شێوەی بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتن، یەك شتن. پێکاری فەلسەفی، واتە ئامرازی زانگەریی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی پترو پتری زانین، لای سۆکرات: وشەیە، زمانە، ئاخاوتنە. ئەو زۆر بە زیرەکیی و شارەزایی و مەبەستدارییەوە ئەو توانبوو- و پێگەشەو هێزە شاراوو بەربڵاوو بێ کۆتایی یە بەکار دێنێ کە وشەو زمان و توانستی بیرکردنەوە پێی دەبەخشین. وشە هەم بیرە، هەم دەبێتە پیکاری بەرهەمهێنانی بیر. هەلومەرجی بەرهەمهێنانیش هەر هۆکاری بەرهەمهێنانەکە خۆی بەدەستییەوە دەدا و

دروستی دەکا. هەڵبەتا هەل ومەرجێکی پێشینەیی، مێژووکرد و کۆمەڵکرد هەیە کە لە دوو ڕاستییدا خۆی دەنوێنێ:

یەکەم: پەیدابوون و هەبوونی زمان خۆی: ئەمە ئامراز و پێکارەکەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنە، بیرە: بیری فەلسەفیی، فەلسەفە.

دووەم: ئەو ڕاستییەی کە زمان هۆکاری گەیاندن و تێگەیشتن و ئاخاوتن و گفتوگۆ کردن و گوتوبێژە لە نێوان مرۆڤاندا. ئەمەش هەلومەرجی بەرهەمهێنانی بیر لە دوو ڕووەوە بە دەستەوە دەدات: زمان خۆی کەرەسەی خاوی لە بنەهاتووی خۆیەتی. ئەو کەرەسەی خاوە بریتییە لە زەمینەکان و بوارەکانی زمان لە لایەکەوە، و لەو پەیوەندییە بێ کۆتایی و بەربڵاوانەی ئامرازی زمان لە نێوان وشە و ماناکاندا و، ڕاستتر دەنگەکان و ماناکاندا، دروستیان دەکات. هەر ئامرازێك (وشەیەك) دەتوانێ وشەیەکی دیکە بکاتە ئامراز یان کەرەسەی خۆ و بوار و کایەی جیاوازی واتا و مەبەستی گەیاندنی لێ دروست بکات واتا (ئاخاوتنی) جیاوازی لێ بەرهەم بێنێ.. بۆیە وشەکان دەکارێ ریز بکرێن، بکرێنە زنجیرەیەکی لە بنەهاتووی مانای پێکەوە بەستراو کە ئەوەندە مەزن و بەرین بن گەر بە شێوەی بازنەیی بیانهێنینە بەرچاو، بشێ دەوری گۆی زەوی بدەن. بەڵام زمان وەك دراو، وەك (هەبوو)ی پێشتر، وەك پێگەشەی خۆ دروست کردنەوە و گەشبوون و گەورەبوونی بێ کوتایی و بێ ترسی پیر بوون و مەرگنۆشیی، (دیارە باس لە دیاردەی زمانە، نەك تاکە زمانانی تایبەتی)، مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتزا (غەریزەیی) و خۆ کردیی بە کاری دێنێ.

مرۆڤی سەرەتایی زمان دەدۆزێتەوە و بەرامبەر جادووی دەنگ و ناڵەو مۆسیقا سەرسام دەبێ، بە بیستنی دەنگی خۆی، گۆرانییەکانی خۆی شاگەشکە دەبێ یان ترس و سام دایدەگرێ، لە زمانا بۆ مانای زمان دەگەڕێ، بۆ هێزی جادووی زمان دەگەڕێ، بۆ خوای زمان دەگەڕێ و هەر بە زمان ناوی دەنێ و دروستی دەکا و بۆشاییەکی هەست وڕۆحی پێ پڕ دەکاتەوە و دەیکاتە سەختترین و ئاڵۆزترین فەلسەفەی ئەفسانەیی.